# خەرجی بەکارخستن و وەربەهێنانی عێراق؛ جیاکارییەکی گەورە لەنێوان پارێزگاکان دا

05-02-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** داتاکانی خەرجیی مانگانەی وەزارەتی دارایی عێراق، ناهاوسەنگییەک و جیاکارییەک لە چۆنیەتیی دابەشکردنی خەرجییەکاندا بەسەر پارێزگاکان نیشان دەدەن. جیاکارییەکە تەنیا پەیوەست نییە بە هەرێمی کوردستان و، ناهاوسەنگییەکەش تەنیا وەزارەتە جیاوازەکان و خزمەتگوزارییەکان نەگرتووەتەوە، بەڵکوو جیاکاری گەورە لەو بڕەی وەزارەتی دارایی راستەوخۆ وەک بەکارخستن و وەبەرهێنان خەرجی کردووە لە باشوورەوە بۆ نێوەڕاستی عیراق، ئینجا بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت؛ بەجۆرێک بۆ پارێزگایەکی وەک کەرکووک هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەکارخستن و وەبەرهێنان دابین نەکراوە و وەک خەرجی سفرە.

## بەرایی

داتاکانی خەرجیی مانگانەی وەزارەتی دارایی عێراق، ناهاوسەنگییەک و جیاکارییەک لە چۆنیەتیی دابەشکردنی خەرجییەکاندا بەسەر پارێزگاکان نیشان دەدەن. جیاکارییەکە تەنیا پەیوەست نییە بە هەرێمی کوردستان و، ناهاوسەنگییەکەش تەنیا وەزارەتە جیاوازەکان و خزمەتگوزارییەکان نەگرتووەتەوە، بەڵکوو جیاکاری گەورە لەو بڕەی وەزارەتی دارایی راستەوخۆ وەک بەکارخستن و وەبەرهێنان خەرجی کردووە لە باشوورەوە بۆ نێوەڕاستی عیراق، ئینجا بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت؛ بەجۆرێک بۆ پارێزگایەکی وەک کەرکووک هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەکارخستن و وەبەرهێنان دابین نەکراوە و وەک خەرجی سفرە.

راستە ژمارەکانی وەزارەتی دارایی لە بەشی جێبەجێکردنی بودجە دا " تنفيذ الموازنة" و ئەوەی لە پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێت تەواو جیاوازە، بەڵام جیاکاری و جیاوازی و ناهاوسەنگیش لە خەرجکردنی سامانی وڵات بەدی دەکرێت، تەنانەت بۆ  پارێزگای کەرکوک کە رۆژانە بە بەرهەمهێنانی 310 بۆ 320 هەزار بەرمیل  نەوت بەشدارە لە ئابووری وڵاتەکەدا. لەماوەی 2015-2025 پارێزگای  کەرکوک هاوشێوەی 14 پارێزگاکەی دیکەی عێراق پارەی بۆ بەکارخستن و وەبەرهێنان بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەبووە و بگرە سفر بووە.

لەنێوان ساڵانی 2015-2025 بۆ 14 پارێزگای عێراق (بەبێ کەرکووک و چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان) بڕی 97.6 تریلیۆن دینار، هاوتای 75 ملیار دۆلار، وەک بودجەی بەکارخستن و وەبەرهێنان خەرج کراوە؛ کە 72 تریلیۆن دیناری بۆ بەکارخستن و 25.5 تریلیۆن دیناری بۆ وەبەرهێنان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە و بوارەکانی دیکە بووە.

سەرەڕای ئەوەی بودجەی ساڵانەی عێراق لەسەر بنەمای داهاتی نەوت و خەرجییەکانیشی لەسەر بنەمای دانیشتووان دادەنرێت، بەڵام ئامارەکانی وەزارەتی دارایی لە خراپترین و باشترین دۆخی ئابووریی عێراقدا لەو ماوەیەدا، لەگەڵ واقیعی کەرکووکدا یەکناگرنەوە. ئێستا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: بۆچی کەرکووک لە لیستی ئەو پارێزگایانەدا نابینرێت کە ئەم خەرجییانەیان بۆ دەکرێت؟ لەکاتێکدا ئەگەر رێژەی بێکاری و دانیشتووان بکرێتە بنەما، کەرکووک لەسەروو زۆرێک لە پارێزگاکانەوەیە، ئەگەر بنەماکەش داهات بێت، ئەوا کەرکووک لە دوای بەسراوە بە پلەی دووەم دێت.

## کۆی خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان بۆ پارێزگاکانی عێراق  2015 بۆ 2025


بەپێی راپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی، خەرجییەکانی بەکارخستن و وەبەرهێنان لە پارێزگاکاندا گۆڕانکاریی بەردەوامیان بەسەردا دێت؛ بەجۆرێک لەو ساڵانەی داهات کەمیکردووە، نەک هەر خەرجیی وەبەرهێنان بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست سفر کراوەتەوە، بەڵکو خەرجیی بەکارخستنیش گەیشتووەتە سفر. هەروەها، هەوراز و نشێوییەکی گەورە لەم خەرجییانەدا دەبینرێت؛ بۆ نموونە، لە ساڵی 2022دا کۆی خەرجییەکان گەیشتووەتە 17.7 تریلیۆن دینار، بەڵام لە ساڵی دواتردا بۆ 8.8 تریلیۆن دینار دابەزیوە، ئەمە لەکاتێکدایە لە ساڵی 2016دا تەنیا 64 ملیار دینار بووە و ساڵی رابردووش تاوەکو تشرینی دووەمی 2025 گەیشتووەتە 5.3 تریلیۆن دینار.

گرافیکی یەکەم نیشاندەری کۆی خەرجییەکانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە لە ماوەی 2015-2025، کە تێیدا دەردەکەوێت هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە نییە کە خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان لە وەزارەتی داراییەوە بۆ دابینکرابێت، بۆ نموونە ئەو مانگەی لەراپۆرتەکەدا دانرابێت ئەوا سفر بووە یان هیچ نەنوسراوە. خەرجیی پارێزگای نەینەوا، کە لە دوای بەغدا و بەسرە گەورەترین پارێزگایە، تەنیا نیوەی خەرجیی پارێزگایەکی وەک دیالەیە.

کۆی خەرجیی بەکارخستن و وەبەرهێنان لە بەغدا لەو ماوەیەدا 20.9 تریلیۆن دینار بووە، کە 17.6 تریلیۆنی بۆ بەکارخستن و تەنیا 3.3 تریلیۆنی بۆ وەبەرهێنان تەرخانکراوە. لە بەرامبەردا، کۆی خەرجییەکانی بەسرە 14.2 تریلیۆن دینار بووە، کە 7.9 تریلیۆنی بۆ بەکارخستن و 6.2 تریلیۆنی بۆ وەبەرهێنان بووە (بەبێ کەرتی نەوت) و کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گواستنەوە و گەیاندن، خزمەتگوزاری، نیشتەجێبوون و خوێندنی باڵای گرتووەتەوە.

پارێزگاکانی ئەنبار، زیقار، کەرکووک و هەولێر لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لە نێوان 2 بۆ 2.5 ملیۆن کەس دەبن، بەڵام لەڕووی خەرجییەوە جیاوازییەکە گەورەیە؛ کۆی خەرجیی زیقار لەماوەی ساڵانی 2015-2025 8.1 تریلیۆن و ئەنبار 5.4 تریلیۆن دینار بووە، لەکاتێکدا بۆ کەرکووک هیچ خەرج نەکراوە.

گرافیک 1: کۆی گشتی خەرجییەکانی بەکارخستن و وەبەرهێنان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2015-2025 دا



خەرجی بەکارخستن
خەرجی وەبەرهێنان
کۆی گشتی خەرجییەکان
بڕی خەرجی بە دیناری عێراقی
دهۆک
0 0 0
سلێمانی
0 0 0
هەولێر
0 0 0
کەرکوک
0 0 0
سەلاحەدین
1,140,666,214,420
863,367,681,213
2,004,033,895,633
ئەنبار
1,536,798,795,334
1,983,030,218,874
3,519,829,014,208
موسەننا
2,223,338,219,818
767,905,389,497
2,991,243,609,315
ئەنبار
2,610,660,748,299
2,804,799,466,577
5,415,460,214,876
میسان
3,015,272,337,112
950,729,506,594
3,966,001,843,706
کەربەلا
3,705,546,843,069
1,633,943,032,601
5,339,489,875,670
واست
4,105,094,655,333
1,117,037,650,361
5,222,132,305,694
دیوانیە
4,663,755,308,463
880,343,164,893
5,544,098,473,356
نەجەف
4,671,534,366,130
1,320,795,467,761
5,992,329,833,891
دیالە
5,608,694,260,889
979,738,801,882
6,588,433,062,771
زیقار
6,551,067,329,750
1,617,581,382,803
8,168,648,712,553
بابل
6,683,580,415,308
1,013,939,979,114
7,697,520,394,422
بەسرە
7,935,355,149,261
6,265,497,105,877
14,200,852,255,138
بەغدا
17,685,247,774,196
3,304,424,137,622
20,989,671,911,818
پارێزگاکان

سەرچاوە، وەزارەتی دارایی عێراق ڕاپۆرتی مانگانەی خەرجی و داهات لەماوەی نێوان 2015-2025

تێبینی 1: بڕی خەرجی 2025 تاوەکو کۆتایی مانگی 11 هەژمارکراوە، چونکە هێشتا داتای مانگی دوانزەی 2025 بڵاونەکراوەتەوە.

تێبینی 2: لەنێو داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق مانگانە گۆڕانکاری بەسەر خەرجییەکان هاتووە، بەڵام ئەمە لێرەدا خراوەتەڕوو هەژمارکراوی 12 مانگی ساڵە.

# ڕێژەی دانیشتوان و ڕێژەی بێکاری و خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان لە عێراق


بەپێی دوایین سەرژمێری، کۆی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان 46,118,793 کەسە، کە بەسەر 19 پارێزگادا دابەش بوون. لەڕووی چڕی دانیشتووانەوە، بەغدا بەڕێژەی 21.2% زۆرترین و موسەننا بە 2.3% کەمترین ڕێژەیان هەیە.

پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 5.5%، سلێمانی و هەڵەبجە بە 5.2%، و دهۆک بە 3.5% لە پلەکانی دواتردان؛ واتە هەرێمی کوردستان بەبێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، 14.2%ی کۆی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت، کەچی خەرجیی بەکارخستن و وەبەرهێنان هاوشێوەی 14 پارێزگای نێوەڕاست و باشووری عێراق بۆ دابین نەکراوە. هاوکات، پارێزگای کەرکووک کە دانیشتووانەکەی 2,034,627 کەسە و 4.4%ی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت، هاوشێوەی 14 پارێزگاکەی نێوەڕاست و باشوور بودجەی بۆ خەرج نەکراوە و پشکی ئەویش بەشێوەیەکی سەربەخۆ کە لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە بۆ دابین کرابێت سفر بووە.

پێوەرێکی دیکەی گرنگ، هێزی کار و بێکارییە؛ بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری عێراق بۆ ساڵی 2024، ڕێژەی بێکاری لە چەند پارێزگایەک لە خوار 10% بووە، وەک: بابل 4.2%، دیوانیە 9.9%، سەلاحەدین 9.4%، دیالە 6.3% و کەربەلا 7.8%. بەڵام تێبینی دەکرێت خەرجییەکانی بابل، دیالە و کەربەلا زۆر زیاتر بووە لە خەرجییەکانی میسان و ئەنبار، لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە موسەننا لە سەروو 21% و لە نەینەوا 14% بووە.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش، هەڵکشانی ڕێژەی بێکارییە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2024. لە ساڵی 2014دا ڕێژەی بێکاری لە کەرکووک 2.9%، هەولێر 8.3%، سلێمانی 5.7% و دهۆک 8.8% بووە، بەڵام لە ساڵی 2024دا ئەم ڕێژەیە لە کەرکووک گەیشتووەتە 12.8% و لە هەولێر بۆ 14.7% بەرزبووەتەوە. هەروەها لە سلێمانی و دهۆک ڕێژەکە بووەتە دوو هێندە، بەجۆرێک لە سلێمانی گەیشتووەتە 13.6% و لە دهۆکیش 17.5%."

گرافیک 2: ڕێژەی کۆی خەرجییەکان، خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان بۆ پاریزگاکان لەماوەی 2015-2025، بێکاری و دانیشتوان لە 2024 دا.



سەرچاوەکان:


1. دارایی عێراق راپۆرتی مانگانەی خەرجی و داهات لەماوەی نێوان 2015-2025
2. دەستەی ئاماری عێراق ، رۆژی دەسخستن 1ی شوبات 2026
3. دەستەی ئاماری عێراق ، لە رۆژی 2ی شوبات 2026 وەرگیراوە.


## کۆتایی

ئێستا، ئەوەی لە ئامارەکانی وەزارەتی داراییەوە سەبارەت بە خەرجیی پارێزگاکان دەردەکەوێت، نەبوونی بنەمایەکی جێگیرە بۆ دابەشکردنی خەرجییەکان و هەبوونی جیاکارییەکی گەورە لەنێو پارێزگاکان دا بەتایبەت لەباشوورەوە بۆ نێوەڕاست ئینجا پارێزگاکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان؛ چونکە کەرکووک هەموو بنەما پێویستەکانی تێدایە و بگرە لە زۆرێک لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقیش شایستەترە، بەوپێیەی بەڕێژەی 7.5% بەشدارە لە داهاتی گشتیی عێراقدا، کەچی هیچ خەرجییەکی  بەکارخستن و وەبەرهێنانی هاوەشێوەی 14 پارێزگاکەی دیکە لەنیو وەزارەتەکانی عێراق نابینرێت و سفر بووە. بۆ نموونە، ژمارەی دانیشتووانی کەرکووک لە 9 پارێزگای عێراق زیاترە و رێژەی بێکارییەکەشی دوو بۆ سێ هێندەی پارێزگاکانی وەک بابل، دیالە و کەربەلایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە، هیچ خەرجییەکی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە راستەوخۆ بۆ بەکارخستن و وەبەرهێنان بۆ نەکراوە.

خاڵێکی دیکە کە لە ئاماری مانگانەی خەرجییەکانی عێراقدا دەبینرێت ئەوەیە، لە خراپترین دۆخی ئابووریدا -وەک ساڵانی 2020 و 2021 کە داهات کەمی کردووە- پلەبەندی لە کەمکردنەوەی خەرجییەکاندا کراوە، بەجۆرێک یەکەم کەمکردنەوە نێوەڕاستی عێراقی گرتووەتەوە و دوایین کەمکردنەوەش لە پارێزگاکانی باشووردا بووە، ئەمە لەکاتێکدایە خەرجیی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک هەر لە بنەڕەتەوە نییە.

لەکۆتاییدا، ئەوەی بۆ خولی ئێستای پەرلەمان و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان، بەتایبەتی کەرکووک، گرنگە؛ تەنیا خاڵ و بەندەکانی نێو پرۆژەیاسای بودجە نین، بەڵکو چەسپاندنی بنەمایەکی روون و دۆزینەوەی میکانیزمێکی دادپەروەرانەیە بۆ خەرجیی پارێزگاکان و کۆی خەرجییەکان، تاوەکو دیاری بکرێت ئایا بنەماکە ژمارەی دانیشتووانە، یان پێویستیی پارێزگاکە، یان هەر پێوەرێکی دیکە.